وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

بەیانی ژمارە (10) **ساڵی** 2014

پاڵپشت بە ماددەی (7) بڕگەی (2) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی (2007) بڕیارماندا بە:-

- هێنانەکایەی (استحداث)ی کردنەوەی خانەی شیاندنی نەوجەوانان لە پارێزگای هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر.

- ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی 2014/12/30.

محمد قادر محمد

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

بەیانی ژمارە (125) **ساڵی** 2014

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی شەهید کەمال ژاڵەبی) لە ناحیەی تانجەرۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/23.

بەیانی ژمارە (126) **ساڵی** 2014

- کردنەوەی (بەشی بوژانەوەی دڵ) لە نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو لەقەزای چەمچەماڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/12/3.

بەیانی ژمارە (127) **ساڵی** 2014

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 وە ، بریارماندا بە کردنەوەی (ئەم سێ هۆبەی خوارەوە) لەم (69)